# تاکی کۆیلە، کۆمەڵگای نەزۆک

نیگار عینایەتی



کاتێک کە جەبری یەخسیربوون بەهەموو واتاکانییەوە لە لایەن تاک کە پێکهێنەری کۆمەڵگایە قبووڵ بکرێ و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن یان بۆ هەتاهەتا بەڕادەی بڕوا دەگات، ئەم مرۆڤە لەژێر ئەم جەبرەدا بەئاستێک لە هیوابڕاوی دەگات کە ئیرادەی خۆی بەتەواویی لەدەست دەدا یان ئەوەی کە ئیرادەی خۆی بەو رادەیە نایبینێ کە بتوانێ لە بەرامبەر زەخت و گوشار و رووداوەکاندا خۆڕاگریی بکا، بۆیە دەستبەسەربوونی بە چارەنووسی هەمیشەیی خۆی دەیبینێ، بەمجۆرە هەموو مەیل و خواستەکانی بۆ دیاری دەکرێ و تەنیا ئەو وەک مۆرەیەک پرۆژەی ژێردەستبوونی خۆی تەواو دەکات. واتە نە ئازادە و نە دەتوانێ هەڵبژێرێ. ئەمەش بەهۆی بڕوای تەواوی ئەو تاکەیە بە هێز و ئیرادە و توانستی سەردەست و بڕوا کردن بە ئەقڵی باڵادەست و چارەنووسی خۆی پێوە گرێدەدا. بەمجۆرە کردەکانی بەپێی خواستی باندەست دەبێتە هۆی نەزۆکبوون و سەرکوتی توانستە ئەکتیڤ و خۆبەڕیوەبەرەکان. ئەم تاکەی کە باسی دەکەین لە رووی کۆمەڵناسییەوە لە کۆمەلگادا مانای هەیە و دەتوانێ و دەکرێ بوونی هەبێ بەهەرکام لە واتاکانی ئازاد یان ملکەچ. بەڕێز ئۆجەلان لەم بارەیەوە دەڵێت ئازادی تەنیا شایستەی ئەو کۆیلانەیە کە لە پێناویدا تێدەکۆشێت.

ئەمە لە کۆمەڵگا ژێردەستەکان و بەتایبەتی لە کۆمەلگای کوردیدا زۆر روون و بەرچاوە.

کورد نەتەوەیەکی بندەستە. ئەم گەلە بەدرێژایی چەندین ساڵ بندەستی و هەژاری و باجدان بە سەردەستان ژیانی خۆی بردۆتەسەر. سەرەڕای سەرشۆڕی و ملکەچبوونی ناچاری و کۆیلەبوون لەلایەن داگیرکەران هێشتا هەر کۆمەڵکوژ کراوە، ملک و ماڵی بە تاڵان براوە، ئەوەی خاوەنی بووە لێی سەندراوەتەوە، تەنانەت بۆ هەناسەهەڵکێشانێکیش ناچار بە ئیزنوەرگرتن بووە. ئەوەی سەرپێچی فەرمانی داگیرکەرانی کردبێ کوژراوە و یان ناچار بە کۆچکردن بوون یانیش قبووڵکردنی هەموو هەبوونێکی هێزی سەردەست. لەم سێ ڕێگایە دەرفەتی هەڵبژاردنێکی دیکەی پێنەدراوە. نەتەوەی کورد بەردەوام لە شەڕدابووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و هەر شکستێکی کردۆتە سەرەتای شۆڕشێکی نوێ. ئەوەی جێی سەرنجە کە کورد گەلێک جاران لە شەڕدا براوە بووە و لەسەر مێزی دیالۆگدا دۆڕاندوویەتی. نمونەی هەرە بەرچاوی سەدەی رابردوو کوژرانی سماییل ئاغای سمکۆ، شێخ مەحمودی حەفید، مەلا مستەفا بارزانی، قازی محەمەد، شێخ سەعیدی پیران، یان لە سەدەکانی پێشتریشدا میرانی بابان و ئەردەڵانەکان، میرانی بەدلیسی، هتد..

ئەو سەرهەڵدان و شکستانە یەک لەدوای یەکدا هاتوون، بەرزی و نشێوی زۆر لە مێژووی کورداندا تۆمارکراوە، هەر بۆیەش لە ئاکامی ئەم بندەستبوونەدا کولتورێکی تایبەتیی لێ سازبووە. کولتوری بندەستی. واتە کولتوورێک کە زۆربەی نیشانەکانی داگیرکاری و تێداچوونەکانی تێدایە.



ئەم کولتورە بەتەواویی رەگی لەنێو کۆمەڵگای کورد داکوتاوە و بۆتە بەشێک لە ژیانی رۆژانەی خەڵک و تەنانەت وەکوو

پرینسیپ و نۆرمی کۆمەڵایەتیی شکڵی گرتووە. تاکی نێو ئەم کۆمەڵگایە کاتێ دەبینێ لە وەبەریەککەوتنی کولتووری داگیرکار و کولتووری خۆجێیدا گیری کردووە و قەتیس ماوەتەوە، لەڕێگەی بانگەشە و میدیا و ریکلامەوە فریوی رواڵەتی ئەو کولتوورە سەردەستە دەخوا و قەناعەتی پێدێنێ و هێدی هێدی لە کولتووری خۆی بە خواستی خۆی دووردەکەوێتەوە. لەزۆر حاڵەتیشدا بەرادەی نەفرەت لە کولتووری خۆی دەگات و تەنانەت بە ئاستێک لە دوور کەوتنەوە و باوەڕ دەگات کە هەموو ماڵوێرانی و تێداچونەکان لە کولتووری خۆیدا دەبینێ و بەرادەیەک دەگات کە کولتوری خۆی سەرکۆنە و شەرمەزار دەکات. بۆ جێگیرکردنی کولتووری سەردەستیش دەستبەجێ و بەپەلە هەوڵ دەدات و ئەو پاشماوە کولتوورە خۆجێیەی خۆشی بە دەستی خۆی دەسڕێتەوە. ئەم کردەیەی راکردن لە کولتووری خۆجێی و پەنابردن بۆ سەردەست، وشیارانە بەرەو رەوتی خۆکۆیلەکردنی دەبات.

تاکی نێو کۆمەڵگای بندەستیش کە لەم چەشنە دەسەڵاتەی نێو کۆمەڵگاکەیدا هیوابڕاو بووە، لەچەند لاوە تووشی گوشار دەبێت کە قەیرانی شوناسی لێ زیاتر دەکات. ئەم تاکە لە رووی عاتیفی و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە دەکەوێتەبەر مەترسی. ئەم تاکە کە خەریکە لە ژینگەیەکی پڕ لەتەوژمدا دەهاڕدرێت، روو لە هەندێک رێگە دەکات هەتا لەبەرامبەر هەڕەشە و گوشارخۆڕاگری بکات یان ئەوەی کە پەیوەندیی و رێڕەوێکی نوێتر بۆخۆی مسۆگەر بکات. بەواتایەکی دیکە لەم روانگە کۆمەڵناسانەیەدا تاک پێکهێنەری کۆمەڵگایە و لە ئەزموون و چالاکیی کۆمەڵایەتیدا بە بەشداربوون لە سازبوونی پێکهاتەی کۆمەڵگادا بە هەبوون دەگات. بەمجۆرە ئەگەر تاک لە دەرەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگادا بێت و لەنێو ئەزموون و جووڵەکاندا بەشدار نەبێت بەهیچ شێوەیەک و تەنانەت لە زەینیشدا وێناناکرێ .تاک لەم پێکهاتەیەدا رەنگدانەوەی کارلێکەکانی نێو کۆمەڵگایە. لە رەوتی جووڵەی تاک لە نێو رەهەندەکانی کۆمەلگادا

پەیوەندییەک لە نێوان ئاکارە تایبەتەکانی تاکەکانی دیکەدا ساز دەبێت، ڕێکخستنێک شکڵ دەگرێت کە لە هێندکیاندا بە هاوبەشیی کردەوە و کارکردن دەگەن.

ئەگەر ئەو تاکە بەشێوەیەکی دیکە خۆی نیشان بدات واتە بە مەبەستی گەیشتن بە هێندێک بەرژەوەندیی کاتیی یان درێژخایەن بەجۆرێکی دیکە خۆی وێنا دەکات و دەکرێ بڵێین بە دەمامکێک جیا لە خودی راستەقینە خۆی دەردەخات. واتە ئەم تاکە تێکشکاوە و لە رووی دەروونیەوە بێئۆقرەیە و سایکۆلۆژییەکی پڕ لە قەیران ئاوقای بووە بە هەرشێوەیەک بێت دەیەوەی خۆی لەگەڵ ئەم گوشارانەدا رابێنێت یان بەشێوەیەکی هەرچەند کارەساتاوی لەبەرامبەریدا بەرسڤی هەبێ.



لە روانگەی سیاسیەوە هەڵوەشانەوەی وشیارانەی کەسانێک وەکو سەردەست و هێز وێنا دەکات و تاک خۆی وەکو کەسێکی ژێردەست و ملکەچ و بەرێوەبەری بێ ئەملاوئەولای فەرمانەکان دەبینێت.


بێ ئەوەی بیر بکاتەوە کە ئەو کەسەی بە سەردەست لە لایەن بندەست و ملکەچەوە وێناکراوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو نییە و وەکو ئەو مرۆڤە و هەموو نیشانەکانی مرۆڤیی لەگەڵ ئەو سەردەست و کەسە بەناو زلهێزە یەکسانە و نە کەمتر نە زیاتر. واتە هیچ شتێکی زیاتری لەچاو تاکی خۆملکەچکەر نییە و تەنیا هێزی پێدراوە ئەویش لە لایەن لایەنی بندەستەوە . بەمجۆرە بندەست خۆی لە کەسێکی دیکەدا دەبینێتەوە و کەسایەتیی سەرەکیی خۆی لە کیس دەدات و دەبێتە کەسێکی دیکە

و هەموو پێگە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی و کولتورییەکانی خۆی لەودا دەبینێتەوە.

.بەمجۆرە ئازادیی لە خۆی زەوت دەکات و لەویدیکەدا هیچ چەشنە سەربەخۆییەکی بۆ رەسمی نییە.

هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، تاک کە لە سنورەکانی ئەم پرینسیپ و نۆرمانەدا خۆی قەتیس دەبینێ و ملکەچیی وەکوو رێگای هەرە سادە و ئاسان بۆ بەردەوامکردنی ژیان هەڵدەبژێرێ، بەڵام بەشێک هەن کە ئەم ملکەچییە قبووڵ ناکەن و یاخی دەبێت و دەچێتە نیو شۆڕشێکەوە و لەهەمبەر ئەم نارەواییە هەتا دوایین دڵۆپەی خوێنی رادەوەستێت.

کاتێک سەرنج بدەینە ژیانی رۆژانەی خەڵک نیشانەی داگیرکاری و کولتووریی بەروونی دەبیندرێت. بۆ نمونە شەڕی ناوچەگەرایی، من خەڵکی فلان شارم فلان ناوچەم، من لە فلان بنەماڵە و فلان دایک و باوکم. هەتا لێی ورد دەبینەوە دەبینی کە ناوچەگەرایی، عەشیرەتگەرایی، بنەماڵەگەرایەیی وا پەرەی سەندووە و مرۆڤەکانی وا قەتیس کردۆتەوە کە خۆشیان هەستی پێناکەن. تەنانەت وەکوو شانازیەک دەیبینن و فەخری پێوە دەکەن. بەها گرینگەکانی نەتەوەیی، پاراستنی سنوری کەسایەتیەکان لەبیر دەکرێت و بە شتی لاوەکی و بچوک گرێ دەدەن. قسە و قسەڵۆکگوتن لەسەر شار و



کەسایەتیەکان یان بیۆگرافیەیکی دیاریکراو بۆتە مایەی سووکایەتی و کات بەسەربردنی خەڵک. کێبرکێیەکی ناسالمانە لە نێوان کەس و ناوچە و شارەکان بەئاشکرا ئەم راستییە

دەسەلمێنێت.

ئەو بەرژەوەندییانەی کە تاک لە گشت حاڵەتەکانی بندەستیی کۆمەڵایەتیدا دەیبینێ هەتا ئاستێکی نزمیش دادەبەزێ بۆ نموونە، لە تێکڕووخاندنی کەسایەتیی بەرامبەر و تێکدانی چالاکیی و بوونە کۆسپ لەبەر ڕێگای پێشکەوتنی یەکتری بە خوازراو یان نەخوازراو هەموو ڕۆژێ لە ژیانی خەڵک و کۆمەڵگاکەماندا بەدی دەکرێت. ئەوانەش هەموو دەبنە ئاستەنگییەکی مەزن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

بەمجۆرە کەسایەتیی دۆڕاو هەوڵدەدات پەرە بەو دۆڕانە بدات و خۆی لە ئاکامدا دەبێتە کارەکتێری ئەو مەبەستانەی کە دەسەڵاتی سەردەست لە ڕێگەی شەڕ و لەناوبردنی سەربازیی پێی نەگەیشتووە، بەشێوەیەکی نەرم و بە دەستی خودی ژێردەست بەڕێوە دەبات، دەرەنجامی ئەوە واتە دەرەنجامی جووڵەی کارێکتێری (کەسایەتیی دۆڕاو و رووخاو) بە کۆمەڵگایەکی تێکشکاو و دۆڕاو دەگات.

خالێکی دیکەی کە کۆمەڵگای بەر ئاماژەی ئێمە لە بێئیرادەیی دا خووی پێگرتووە، خۆی لە خۆیدا ئاغا و سەردەست بۆ سەر خۆیان دروست دەکەن و ئیرادەی خۆیان دەدەن بە دەست کەسێکەوە، ئەم کردەوەیە هەر زۆر ئاسایی بۆتەوە، لە سەرۆک خێڵەوە بگرە تا سەرۆک عەشیرە تا ئاغا و تەنانەت برای گەورە و باوکی پیر و هتد.. هەموو ئیرادەکان لە نێو دەبردێت بۆ یەک کەس. دەسەڵات هەموو لە ئیختیاری یەک کەسدا قەتیس دەمێنێت و ئیرادەی کۆمەڵ دەبێتە قوربانی. لە ژیانی ئاسایی خەلکیش دا ئەوە بە روونی دیارە. زۆرجار لە ئاستی گشتی کۆمەڵگادا گوێمان لەم وشە و رستەگەلە دەبێتەوە کە فڵانەکەس تەمەنی زۆرە، فلانەکەس مەقامی ئەوەیە، پارەی هەیە.. هتد کەسەکەش بەگشتی لە ڕەگەزی نێردا سنورداره. مەقامپەرەستی و

دەسەڵاتخوازی، کێبرکێیەکی ناتەندروست، ئێرەیی بردن و... کۆمەڵێک کێشەی سەرەکین کە کۆسپن لەسەر ڕێی پێشکەوتنەکان و دەرکەوتنی توانستەکان. ئەم کێشانە زۆربەیان لەنێو کاری گروپی و کاری جەماوەرییدا زیاتر دەردەکەوێت. ئەوەش وا دەکات کە لە هێندێک شوێندا گرۆپچێتی، دەستەودەستەبازی، دروست بکات کە ئەمە خۆرەیە بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوت.

***